بەڕێز حەکیم .. یاسای هەڵبژاردنەکانی ئێستا پاراستنی هاوسەنگییە وسەرکەوتنیش □ دەستکەوتی هەمووانە

لە دیداری مالەی عێراقی لە رۆژی 15-3-2024 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە کۆمەڵێك بەهەرەمەند و کەسایەتی بەتوانا و نیشتمان پەروەر کەوت و لەم دیدارە باس لە پێگەی عێراق و کەسایەتییە کاریگەرەکان کرا.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە چوارچێوەی هەماهەنگی کۆبوونەوەیەکە بۆ چەند هێزێکی سیاسی لە تاکە گۆڕەپانێکی سیاسیدا و لەیەك جەماوەر و دەنگەری دیاریکراوا بەرجەستە دەکرێت، گوتیشی ئەوەی پێشکەشی کردوە چەندین هاوپەیمانەتی و کوتلە نەیانتوانیوە پێشکەشی بکەن، ئەو سەنتەرە و ناوکی پێکھێنانی هاوپەیمانەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو، هەروەها ئاماژەی بە پێشکەوتنی بەرچاو لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی سیاسی کرد.

سەماحەتی ئاماژەشی کرد کە عێراق تا ئێستا سەلماندوویەتی کە توانای هەیە هاوسەنگییەکان بەڕێوە ببات، ڕوونیشی کردوە کە گرنگە لە پارێزگاری لێ بکرێت و لایەنی مێژوویی لە خوێندنەوەی هاوسەنگی بە هەند وەربگیرێت و باس لەوە بکرێت کە دۆخەکە چی لێ بەسەردت کاتێك هاوسەنگی دەرەکی تێك دەچێت.

سەماحەتی دووپاتی کردوە کە قسەکردن لەسەر گۆڕینی یاسای هەلبژاردنەکان لە کۆبوونەوەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی باسی لەوە نەکراوە و ئەوەی باس دەکرێت تەنها هەندێك بۆچوونی جیاوازە لەسەر ئەم دۆسەیە، جەختیشی کردوە لەسەر دڵنیابوون لەوەی کە سەرکەوتنی حکوومەت لە ئەنجامی جووڵە و ئەرکی هەمووان بووە، دووپاتیشی کردووە کە یاسای ئێستا کاریگەری خۆی لە پاراستنی هاوسەنگی دیاریکردوە.

سەبارەت بە دیدی هێزە سیاسییەکان لە پێکھێنانی دەوڵەت، سەماحەتی حەکیم ڕوونیکردەوە کە دەستوور شێوە و بنەمای دەولەتی داناوە، ناکۆکی هەندێك کەس لەسەر شێوەی و بنەماکانی واتای ئەوە نییە تێڕ بکرێتەوە، ئەوەی دەیەوێت بۆچوونەکەی سەرکەوتێت و دەستور بگۆڕێت پێویستە ڕا پرسی گەل لەسەری ئەنجامبدات.

سەماحەتی داوای کرد سروشتی سیستەمی پەرلەمانی مەرجەکانی قبوول بکرێت، ڕوونیشی کردوە کە هەڵبژاردنی لایەنێکی دیاری کراو لە سیستەمی پەرلەمانی واتای گەیشتنی بە دەستەڵات نییە، هەروەها داواشی کرد هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و بەهای پێکهاتەکان پارێزراو بێت، سەمتحەتی دووپاتی کردوە کە دەرگاکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کراوە بۆ ئەوەی جێگای هەمووان بکاتەوە، ڕوونیشی کردوە کە چوارچێوەی هەماهەنگی چەندین پەیامی ناردوە لەوانە کە دواین پەیام نەبوو سەبارەت بە هەڵبژاردنە نەوخۆییەکان و لایەنی بەهەرەسکار و ونبووەکان بوو.

سەماحەتی جەختی کردوە لەسەر پیویستی پاراستنی ڕێنماییەکانی کاری سیاسی و ڕوونیکردەوە کە ناکۆکی لەسەر ژمارەی پارێزگاران ناکۆکییەکی پڕۆگرامی بوو، ئاماژەشی کرد کە بوونی 180 حزب و پارت حاڵەتێکی ناتەندروستە، بۆیە داوای یەکبوون و تێکەڵبوونی کرد،

سەماحەتی دووپاتی کردوە کە دەبێت ڕێز لە تایبەتمەندی و ئازادی دەربڕین بگیرێت بە مەرجێك نەبێتە هۆکاری شکاندنی ئەوانی دیکە و سووکایەتی کردن پێیان، گوتیشی دەبێت هەموو شتێك بە بڕێگە پاڵپشتی بکرێت.